

# تاریکترین تەنیایی

هەرمان وەقانی
(مەهاباد)

بیرت لەوە دەکردەوە پێشتر چەند جارت دیوە، یەک دوو جاریش لای هاوڕێیەکانت باست کردبوو، هەموو جارێ دەتگوت: دوو جارم دیوە، جارێکیش زۆرم سەرنج نەدایە.

هەندێ جار هەوڵت دەدا بیرەوەرییەک لەوێدا بۆ خۆت بدۆزییەوە.

کە ناویت گوێ لێ دەبوو، شیعر و هۆنراوەش ڕیز دەبوو، خێرا دەتگوت: زۆر سەرنجڕاکێشە زۆر! من دیومە، دوو جار، جارێکیش زۆرم سەرنج نەدایە.

یەکەم جار لە پەنجەرەی پاسێکەوە، جارێکیان لە دەلاقەی کوخێکی تەنگ کە گلۆپێکی زەردی تێدا دایسا، پڕ لە تۆز و بۆنی نەوت و دووکەڵی جگەرە.

– ئەویندار بووی؟!

– ئەرێ، تەنانەت ئێستا خەون بەو جارەشەوە دەبینم کە سەرنجم نەداوەتێ.

جارێک دەبێتە تەزبیح فرۆشێکی پیر لە هەولێر کە دەنکەکانی تەزبیح بە بەنێکی ئەستوورەوە دەکا، جارێکیش دەبێتە پاسەوانی سنوور و چەکەکەی ڕادەستت دەکا و دەڵێ فەرموو، لە مێشکمدا بیتەقێنە!

دوێ شەویش بوو بە ماسی و لە بەرداشان لە سەر سینییەک هەڕاج دەکرا.

چاوت لە سەر قاوەچییەکە هەڵناگری، بەر لەوەی دەستە قەڵشیو و چاڵاکەکانی سەرنجت ڕاکێشێ، ڕوو دەکەیە کەسی پەنا دەستی و دەڵێی: ئەم تەزبیحە بەچەندە؟!

تەزبیحەکە هەڵدەسووڕێنێ، دەیخاتە پاڵتۆ ئەمریکییەکەی و وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێ، چایخانەکە بەجێ دێڵێ.

لەناو قەفی دووکەڵی جگەرە و نێرگەلەدا، چاو لە گلۆپەکە دەبڕی، دڵنیای دوو جارت دیوە، جارێکیش زۆرت سەرنج نەداوەتێ، دەتەویست بیرەوەرییەک لەوێدا بدۆزییەوە!

شەقە شەقی ئیستکانەکان ئازارت دەدەن، پاسەوانێکی هیلاک بەبێ چەک خۆ بە ژووری چایخانەکەدا دەکا، شەقە شەقی ئیستکانەکان خەریکە مێشکت ئازار دەدەن، بە ڕاکردن و بەربوونەوەی چەند ئیستکانێک، چایخانەکە جێ دەهێڵێ، شەقە شەقی ئیستکانەکان لەگەڵ دەنگی چەک تێکەڵ دەبن، خەمێکی قورس ئەوکت بەرنادا، بە ڕاکردن دەگەیەوە ماڵ، خۆ بە ژوورەکەتدا دەکەی و کچەکەت بووکەڵە چاوشینەکەی فڕێ دەدا و خۆی بە ئامێزتدا دەکا، خەمێکی قورس گەرووت بەرنادا، وەک لە تاریکترین سووچی ژوورەکەت بگەڕێی، ڕوو دەکەیە ژووری خەوتن!

– چی بووە، زەرد هەڵگەڕاوی؟

– ﻫ ﻫ هیچ

– جلەکانت بۆنی نەوتیان لێ دێ.

خەمەکە هەر دێ و قورستر دەبێ، شەقە شەقی ئیستکانەکان بڕانەوەیان بۆ نییە، دەنگی چەک و گوللە هەموو کۆڵانەکەتانی داگرتووە، سەر دەکەیە ئامێزی هاوسەرەکەت و بەدەم پرمەی گریانەوە دەڵێی:

– کەرکووک فرۆشرا.